# ڕوانگەی پەرلەمانی عێراق

**ڕاپۆرتی وەرزی یەکەم لە ساڵی یاسادانانی دووهەم**

**لە نێوان ٢٠٢٣/١/١٤ تا ٢٠٢٣/٦/١١**

**سەبارەت بە کارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

ئەم ڕاپۆرتە لە لایەن تیمی ڕوانگەی پەرلەمانی عێراق لە دامەزراوەی مەدارك

بەسەرپەرشتی: د.مزهر جاسم ساعیدی ئامادەکراوە

٭- دامەزراوەی مەدارك بۆ توێژینەوەی میكانزمەكانی لوتكەی هزری:

دامەزراوەیەکی عێراقی سەربەخۆیە، کۆشش دەکات لەپێناو گەشەپێدانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگای عێراقی، لە نیسانی ٢٠٠٤ دامەزراوە، مۆڵەتی وەرگرتووە لەلایەن وەزارەتی پلاندانان و هاریکاری گشەکردن لە کۆماری عێراق بە ژمارە B64011 لە ٢٠٠٤/١/٨

مۆڵەتی وەرگرتووە لەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤١١) لە ٢٠٠٨/١١/٣٠

**دامەزراوەی مەدارك بۆ توێژینەوەی میكانزمەكانی لوتكەی هزری**

ناونیشان: بەغداد – شەقامی فەڵەستین

تەلەفۆن: 07704448841

ئیمەیڵ: als_marsad23@yahoo.com

فەیسبوك: https://www.facebook.com/MadarikNGO

پێگەی ئەلكترۆنی:

www.miqpm.com

www.madarik.org

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن (میران حسێن حەسەن) لە (ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان)ەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە

چاپی ڕاپۆرتەکە بە زمانی کوردی لەلایەن ئینستتیوتی پەی ئەنجامدراوە

مافی بڵاوكردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە دامەزراوەی مەدارك - ٢٠٢٣

## ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٤ |
| ئاستی کارەکانی ئە نجومەن | ٦ |
| یەکەم: بەراوەردکردن لە نێوان وەرزەکان | ٦ |
| چاودێری تایبەتی وسەرپێچیەکانی ئە نجومەن | ٦ |
| دووهەم: کارایی ئە نجومەن | ١٠ |
| ١-ئامادەبوونی پەرلەمانتاران | ١٠ |
| ٢- وردەکاریەکانی ئامادەبوون | ١١ |
| سێهەم: دانیشتنەکانی ئە نجومەن | ١٢ |
| چوارەم: ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردنی ئە نجومەن لە دانیشتنەکان | ١٣ |
| پێنجەم: بەرنامەی کارەکانی ئە نجومەن | ١٣ |
| شەشەم: قسەکردن و خاڵی پەیڕەویی | ١٥ |
| کاری یاسادانان | ١٦ |
| لیژنەکانی ئە نجومەن | ١٧ |
| یەکەم: دەنگدان لەسەر لیژنەکان | ١٧ |
| دووبارەبوونەوەی ئەندامانی لیژنەکان | ١٧ |
| سەرۆکایەتی ئە نجومەنی لیژنەکان | ١٧ |
| دووهەم: کاری لیژنەکان لە ڕووی کاری یاسادانان | ١٨ |
| خوێندنەوەی یەکەم ودووهەم بۆ پرۆژە یاساکان | ١٨ |
| پەسەندکردنی یاساکان | ١٩ |
| سێهەم: کۆبونەوەی لیژنەکان | ٢٠ |
| کاری چاودێری | ٢١ |
| داواکاری لێپرسینەوە | ٢١ |
| میوانداری | ٢١ |

# پێشەکی

ئەم ڕاپۆرتە ڕاپۆرتی پێنجەمە لە زنجیرە ڕاپۆرتەکانی تیمی ڕوانگەی پەرلەمانی عێراقی کە تایبەتە بە چاودێری و تۆمارکردنی کارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەم، کە تەواوکارە بۆ کارەکانی تیمی ڕوانگەکە، چونکە ڕاپۆرتەکانی پێشووی (وەرزی – ساڵانە) ڕوماڵی ماوەی سازکردنی دانیشتنەکانی کردووە لە دانیشتنی یەکەمەوە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/١/٩ تا ٢٠٢٢/١٢/١٠.

ئەم ڕاپۆرتە کارەکانی ئەنجومەن کە لە میانی (٣١) دانیشتن ڕووماڵ دەکات لە نێوان ٢٠٢٣/١/١٤ تا ٢٠٢٣/٦/١١، لەدانیشتنی یەکەمەوە کە لەڕێککەوتی ٢٠٢٣/١/١٤ تا دانیشتنی (٣١) کە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/٦/١١ سازکراوە.

تیمی کاری ڕوانگە تەنها ئەو زانیارانە تۆمار دەکات کە بەڵگەی فەرمی لەسەر هەیە هاوشێوەی ڕاپۆرتەکانی خولەکانی ڕابردوو، بەمەبەستی خۆپارێزیکردن لە هەرجیاکاریەکی بێ مەبەست بەتایبەتی لە چالاکی ئەندامان لەدەرەوەی ئەنجومەن ئەنجامدراوە، یان ئەوەی لە کۆبونەوەی لیژنەکانی ئەنجامدراوە کە نهێنی بووە، بەپێ بەندی (١١٤) پەیرەوی ناوخۆ [1] واتە ئێمە زانیاریمان نییە سەبارەت بە ژمارەی چەند کاتژمێر لیژنەکان کاریان کردووە، ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەن وەکو میوانداریێتی و گفتوگۆکان لەگەڵ کەسانی پسپۆر لەکاتی کۆبونەوەکان بەهۆی بڵاونەکردنەوەی پرۆتۆکۆلەکان، بەڵام دانیشتنە ئاساییەکان کە بەرنامەی کار و پرۆتۆکۆلەکان و گفتوگۆ و ڕەتکردنەوەی پەرلەمانتارەکان لەکاتی بەڕێوەچونی دانیشتنەکان بڵاودەکرێتەوە، سەرەڕای ئەوەش کاری لیژنەکانمان فەرامۆش نەکردووە، بەڵام تەنها جەختمان کردۆتە سەر کاری لیژنەکان کە بەڵگەی فەرمی هەبێت وەکو ژمارەی کۆبونەوەکان یان یاساکان کە تاوتوێ کردووە.

---

[1] بەندی (١١٤) لە پەیڕەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کۆبونەوەی لیژنەکانی ئەنجومەن ئاشکرا نین، تەنها ئەندامانی لیژنەکە و فەرمانبەران بۆیان هەیە ئامادەی بن، جگە لە کەسانی پسپۆر وئەندامانی حکومەت کە داوای هاوکارییان دەکریت و نابێت نوێنەری میدیا و ڕۆژنامەکان ئامادەی بن تەنها بە ڕەزامەندی سەرۆکی لیژنەکە دەبێت.

تیمی کاری ڕوانگە سورە لەسەر بێلایەنی دەرئەجامەکانی و وردی لە کارەکانی لە ڕێگای پشت بەستن بە بەرنامەیەکی تایبەت بە تۆمارکردنی زانیارییەکان کە بەشێوەیەکی تایبەت بە چاودێری کردنی کارەکانی ئەنجومەن دیزاین کراوە بەمەبەستی خۆبەدوورگرتن لە هەر هەڵەیەك کە لەکاتی تۆمارکردنی دەستی یان لەکاتی گواستنەوەی داتاکان و ئامادەکردنی نەخشەی داتاکان ڕوویدات.

لەهەندێك برگەکانی ڕاپۆرت پێوانەی ئاستی کاری کەڵەکەبووی تیادایە کە بەپێ زانیاری و داتاکان بەردەستی تیمی ڕوانگە کەوتووە بەمەبەستی پێوانەکردنی ورد و دەرخستنی جیاوازی لە ئاستی کارەکانی لە نێوان مانگەکان و وەرزەکان.. جگە لە سالآنی یاسادانانی لەخولی هەڵبژاردنی ئێستا و چوار خولی ڕابردوو.

ڕاپۆرتەکە پشت بە تۆمارکردن و چاودێریکردنی ئاستی کارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دەبەستێت، کە بەندی (٦١) لەدەستور ئەو مافەی دابین کردووە، جگە لە ئەرکەکانی کە یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و فەرمانگەکانی ژمارە (١٣) لە سالّی ٢٠١٨ و پەیڕەوی ناوخۆیی دیارکراوە و کاری لیژنە هەمیشەییەکان بەپێ پسپۆڕێتیان و ڕۆڵییان لە جێبەجێکردنی پێشنیاری پرۆژە یاساکان و ناردنی بۆ دەستەی سەرۆکایەتی.

تیمی ڕوانگەی لە تۆمارکردنی زانیاریەکان بۆ سیستمی داتا تایبەتەکانی پشت بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق دەبەستێت، چاودێرانی ڕوانگەی پەرلەمانی عێراق کە ڕێگایان پێدراوە بچنە دانیشتنەکانی ئەنجومەن و لەلایەن دامەزراوەی مەدارکەوە ڕاهێنانیان پێکراوە.

- فەرمانگەی پەرلەمان لە ئەنجومەنی نوێنەران.
- فەرمانگەی ڕاگەیاندن لە ئەنجومەنی نوێنەران.
- فەرمانگەی یاسادانان لە ئەنجومەنی نوێنەران.
- پێگەی ئەلکترۆنی ئەنجومەن.
- پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ لیژنەکانی ئەنجومەن.
- کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

## ئاستی کارەکانی ئە نجومەن

## یەکەم: بەراوردکردن لە نێوان وەرزەکان

تیمی ڕوانگە ئەم خشتەیە بەمەبەستی بەراوردکردنی ئاستی کارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لـە خولـەکانی سـێ و چوار و پێنج ئامادەکردووە، بۆ هەمان ماوە لە وەرزی یاسادانانی یەکەم بۆ ساڵی یاسادانانی دووهەم، لەگەڵ تێبـینی کردنی ئەوەی لەم خولەدا ئەنجومەن ماوەی وەرزی یاسادانانی درێژکردۆتـەوە بـۆ مـاوەی یـەك مـانگ، بـەپێ ئـەوەی سەرۆکی ئەنجومەن ڕایگەیاند لە دانیشتنی (٢٥) لە ڕێککـەوتی ٢٠٢٣/٥/٩ بەمەبەسـتی پەسـەندکردنی پـڕۆژە یاسـای بودجەی گشتی فیدراڵی و بەردەوامی کارەکانی ئەنجومەن، وەکو ئەوەی لە خشتەکەدا ئاماژەی پێکراوە:-

| بابەت | خولی سێ | خولی چوار | خولی پێنج |
|---|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتنەکان | 45 | 2 | 31 |
| خوێندنەوەی یەکەم | 52 | 32 | 40 |
| خوێندنەوەی دووهەم | 55 | 24 | 36 |
| یاسا پەسندکراوەکان | 34 | 20 | 13 |
| میوانداریێتی | 6 | 2 | 1 |
| ڕێژەی ئامادەبوونی گشتی | 200 | 201 | 203 |
| ژمارەی کاتژمێرەکان | 155 | 74 | 30:58 |

### چاودێری تایبەتی و سەرپێچیەکانی ئە نجومەن

١- هیچ دانیشتنێك لە وادەی خۆیدا سازنەکراوە وەکو ئەوەی لە بەرنامـەی کـاردا ئامـاژەی پێکـراوە لەسـەرەتای دەستپێکردنی ئەم خولە تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە.

٢- لـە هـیچ دانیشـتنێکدا تـەواوی ژمـارەی ئەنـدامانی پەرلـەمان ئامـادەی دانیشـتنەکە نـەبوون لەسـەرەتای دەستپێکردنی ئەم خولە تا ئێستا.

٣- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (١٤) پرۆتۆکۆلی بڵاونەکردۆتەوە تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، ئەمەش پێچەوانەی بەندی (٢٩)ی برگەی دووهەم لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنە، کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات سەرجەم پرۆتۆکۆلەکان بڵاودەکرێنەوە لەو کەناڵانە کە دەستەی سەرۆکایەتی پێیان وایە گونجاوە.

٤- دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران بەردەوام بووە لە پێشێلکردنی بەندی دەیەم لە یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و فەرمانگەکانی کە برگەی دووهەم لەو برگە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات (سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی لەسەرجەم دانیشتنەکان و کۆبونەوەی لیژنەکان کە ئەندامن تیایدا دەبێت ئامادەبن تیایدا و نابێ ئامادە نەبن تەنها ئەگەر پاساوێکی ڕەوایان هەبێت کە سەرۆکی ئەنجومەن پەسەندی دەکات سەبارەت بە دانیشتنەکان وسەرۆکی لیژنەکە سەبارەت بە کۆبونەوەی لیژنەکان و برێك لە موچەکەی دەبڕدرێت لە کاتی ئامادەنەبوون لە ڕێژەیەکی دیاریکراو کە ئەنجومەن دیاریدەکات لەسەر پێشنیاری سەرۆك و هەردوو جێگرەکەی، بەندی (١١) لەیاسای ئەنجومەنی نوێنەران و فەرمانگەکانی کە ئاماژ بۆ ئەوە دەکات:

یەکەم: دەبێت پەرلەمانتار پابەند بێت بە دانیشتنەکانی ئەنجومەن و لیژنەکانی، لەکاتی ئامادەنەبوونی بێ هیچ پاساوێك پێنج جار لەسەر یەك یان دە جاری پچر پچر لە ماوەی خولێکی یاسادانان سەرۆك هۆشداری نوسراوی بۆ دەردەکات وداوای لێدەکات پابەند بێت بە ئامادەبوون.

دووهەم: ئامادەنەبوونی بێ پاساو بڵاودەکرێتەوە بەچەندین ڕێگا کە بەپێی ڕێنماییەك دیاریدەکرێت.

سێهەم: ئەنجومەن مافی ئەوەی هەیە پەرلەمانتار لەسەر کار لابدات ئەگەر ڕێژەی ئامادەنەبوونەکانی زیاتر بوو لە یەك لەسەر سێ دانیشتنەکانی ئەنجومەن لەماوەی وەرزێکی یاسادانان.

جگە لە بەندی (١٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات (یەکەم: ئامادەبوونی و ئامادەنەبوون لە بڵاوکراوەیەکی ئەنجومەن و یەکێك لە ڕۆژنامەکان بڵاودەکرێتەوە)، بەڵام هەتا ئێستا ناوی ئامادەنەبووان لە بڵاوکراوەی ئەنجومەن و ڕۆژنامە بڵاونەکراوەتەوە.

٥- لە ڕووداوێکیدا لە کە لە سەرجەم خولەکانی ڕابردوو ڕوویانەداوە ئەنجومەنی نوێنەران ڕێژەی یاسایی ئامادەبوونی لە دانیشتنی ژمارە (٧) کە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/٢/١٩ و دانیشتنی ژمارە (٩) کە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/٢/٢٧ سازکراون ئاشکرا نەکردوە و تەنها ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ڕێژەی یاسایی بەدەستهاتووە.

٦- ئەنجومەنی نوێنەران سەرپێچی لە مادده (٢٢) برگەی (٣)ی پەیڕەوی ناوخۆیی کردووە کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات دانیشتنەکانی ئەنجومەن دەبێت مانگانە لە (٨) دانیشتن کەمتر نەبێ.

٧- ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران تەواو نەبوو کە دەبوایە بەپێ دەستوری عێراق (٣٢٩) پەرلەمانتار بێت، بۆ ماوەی دوو مانگ و (١٢) ڕۆژ لە ڕۆژی ٢٠٢٢/١١/٢ بەهۆی دواکەوتنی سوێندی یاسایی پەرلەمانتاران (غەزوان عەلی مەحەمەد مونشد) کە جێگرەوەی پەرلەمانتاری کۆچکردووە (مەحەمەد شاکر سەلامی) بوو.

٨- ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان کەمتر بوو لە ژمارەی پێویست بۆ ماوەی یەك مانگ و (٢٤) ڕۆژ لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/١١/٢٠ تا ڕێککەوتی ٢٠٢٣/١/١٤ کە پەرلەمانتاران (کازم عەتیە کازم) لە جیاتی (ڕیاز غالی) و (تالب یەساری) لەجیاتی (میلاد شەهید) سوێندی یاساییان خوارد.

٩- ئەنجومەن سەرپێچی لە پەیڕەوی ناوخۆیی کرد بەپێی بەندی (٧٤) بەهۆی تەواونەبوونی ڕێژەی یاسایی پێنج لیژنە.

١٠- تیمی چاودێری ڕوانگەی پەرلەمانی عێراق تێبینی ئەوەی کردووە کە سەرجەم پەرلەمانتارەکانی بێ ئاگابوون کە سەرۆکایەتی ئەنجومەن سەرپێچی کردووە لە بەندی (١٨) پەیرەو بەندی ١٠-١١ لە یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و فەرمانگەکانی و باسیان نەکردووە وەکو خاڵی پەیڕەوی لە دانیشتنەکان وداوا بکەن دەستەی سەرۆکایەتی پابەند بێت بە بڵاوکردنەوەی ئامادەنەبوون وئامادەبوون بەمەبەستی ئاگادارکردنی دەنگدەر پارێزگا و بازنەکانیان کە ئەو پەرلەمانتارانەی کە دەنگیان پێداون تا چەند پابەندن بە ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی ئەنجومەن.

پەرلەمانتار (حەیدەر مەحەمەد کازم مەتیری) لە دانیشتنی حەوتەم کە لەڕێککەوتی ٢٠٢٣/٤/٢ سازکرا ئاماژەی بۆ بابەتی ئامادەنەبوون کرد پێش ئەنجامدانی خوێندنەوەی دووهەم بۆ پرۆژە یاسای ئامار و سیستمی زانیاریە جوگرافییەکان، بەڵام پاش تێپەر بوونی ساڵێك و چوار مانگ لەدەستپێکی خولەکە بارودۆخ وەکو خۆی ماوەتەوە.

١١– له هیچ خولێكدا ڕوونەداوه پەرلەمانتار ئەندام بێت لە سێ لیژنە، بەڵام لەم خولە ڕوویداوه بۆ نمونە پەرلەمانتار (حسین عەلی مەردان) ئەندامه له لیژنەكانی (كشتوكاڵ و ئاو و زۆنگاوەكان، لیژنەی شەهیدان و قوربانیان و زیندانی سیاسی، مافی مرۆڤ).

١٢– ئەنجومەنی نوێنەران لە دانیشتنی ژمارە بیست كە لە ڕێككەوتی ٢٠٢٣/٤/١٦ سازكرا و تایبەت بوو بە خوێندنەوەی دووهەم بۆ پڕۆژە یاسای بوودجە كە لە ڕێككەوتی ٢٠٢٣/٤/١٧ دەستی كردەوە بە كاركردن و دووبارە لەهەمان ڕۆژ دانیشتنێكی تر سازكرا بەمەبەستی تەواو كردنی یاساكە.

١٣– سەرەڕای ئەوەی لە ڕاپۆرتەكانی پێشوی ڕوانگە ئاماژەیان بۆ ئەوە كردبوو كە ژمارەی ئەندامانی لیژنەكان زیاترە لە ژمارەی دیاریكراو لە پەیڕەوی ناوخۆ، بەڵام ئەنجومەن تێبینی ئەوەی نەكرد تا ڕۆژی ٢٠٢٣/٥/٢٧ لەكاتی گفتوگۆكان سەبارەت بە بوودجەی فیدراڵی كە ژمارەی ئەندامانی لیژنەی دارایی زیاتر لە ژمارەی دیاریكراو ئەمەش بەمەبەستی پاراستنی باڵانس بوو نەك پابەندبوون بە پەیڕەوی ناوخۆیی.

## دووهەم: کارایی ئەنجومەن

کارایی لێرەدا واتای توانای ئەنجومەنی نوێنەرانە لە جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی لە ڕێگای سازکردنی دانیشتنەکان بەشیوەیەکی ڕێکخراو وئامادەبوونی پەرلەمانتار تیایدا و جێبەجێکردنی برگەکانی بەرنامەی کاری دانیشتنەکان و کارایی لیژنەکان لەڕووی ئەنجامدانی کۆبونەوەکان و یاساکان کە ئامادەیان کردووە، ئەو گۆڕانکاریانەی کە ئەنجامیانداوە جگە لە ئاستی کارەکانی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن.

### ١- ئامادەبوونی پەرلەمانتاران:

دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن ئامادە نەبوونی پەرلەمانتارانی بلاونەکردۆتەوە لەسەرەتای خولی هەڵبژاردنی پێنجەمەوە تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، ئەمەش سەرپێچیە بۆ برگەکانی (١٠ – ١١) لە یاسای ئەنجومەنی نوێنەران وفەرمانگەکانی[٢] و بەندی (١٨) لەپەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە دەستەی سەرۆکایەتی پابەند دەکات بەبلاوکردنەوەی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە پێگەی ئەلکترۆنی ئەنجومەن و لە یەکێك لە ڕۆژنامەکان، سەرەڕای ئەوەش تیمی ڕوانگەی پەرلەمانی توانی ژمارەی ئامادەبوون دیاری بکات پشت بەستن بەپرۆتۆکۆلەکان و دیارکردنی ئەندامەکان لە ڕووی لیست و پارت و پارێزگا و بازنەی هەڵبژاردن.

تیمی ڕوانگە پێوایە بلاونەکردنەوەی ئامادەبوون وئامادەنەبوون دەستەی سەرۆکایەتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە تۆمەتباری دەکات بە کەمتەرخەمی بەئەنقەست لە کاری نوێنەرایەتی، بەهۆی ئەوەی جیاکاری نەکردووە لە نێوان ئەو پەرلەمانتارانەی کە بەکاری خۆیان هەڵساون لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارانەی بێ باك بوون لە دەنگی هاوولاتیان کە دەنگیان پێداون و متمانەیان پێ بەخشیون.

---

[٢] بەندی (١١) لە یاسای ئەنجومەنی نوێنەران وفەرمانگەکانی :

یەکەم : دەبێت پەرلەمانتار پابەند بێت بە دانیشتنەکانی ئەنجومەن ولیژنەکانی، لەکاتی ئامادەنەبوونی بێ هیچ پاساوێك پێنج جار لەسەر یەك یان دە جاری پچر پچر لە ماوەی خولێکی یاسادانان سەرۆك هۆشداری نوسراوی بۆ دەردەکات وداوای لێدەکات پابەند بێت بە ئامادەبوون.

دووهەم: ئامادەنەبوونی بێ پاساو بلاودەکرێتەوە بەچەندین ڕێگا کە بەپێ ڕێنماییەك دیاری دەکرێت.

سێهەم: ئەنجومەن مافی ئەوەی هەیە پەرلەمانتار لەسەر کار لابدات ئەگەر ڕێژەی ئامادەنەبوونەکانی زیاتر بوو لە یەك لەسەر سێ دانیشتنەکانی ئەنجومەن لەماوەی وەرزێکی یاسادانان.

سـەرئەنجام ڕێـژەی ئامـادەبوون لـەو ماوەیـەی کـە ڕاپۆرتەکـە ڕوماڵی دەکـات بـەم شـێوەیە کـە لـە خشـتەی خوارەوەدیاریکراوە:

| ڕێژەی ئامادەبوون | مانگ | ژ |
| --- | --- | --- |
| ٢٢٠ | کانونی دووەم – شوبات | ١ |
| ١٨٧ | شوبات – ئازار | ٢ |
| ١٩٤ | ئازار– نیسان | ٣ |
| ١٨٨ | نیسان– ئایار | ٤ |
| ٢٢٧ | حوزیران | ٥ |
| ٢٠٣ | کۆ | |

## ٢- وردەکاریەکانی ئامادەبوون

١- ڕێژەی ئامادەبوونی گشتی بۆ وەرزی یەکەم لەساڵی یاسادانانی دووهەمی خولی هەڵبژاردنی پێنجەم دابەشـی ٢٦ دانیشتن کراوە بەهۆی بڵاونەکردنەوەی ژمارەی ئامادەبوون بە پرۆتۆکۆلی لەژمارەیەك لە دانیشـتنەکان و بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی ئەنجومەن.

٢- ڕێژەی ئامادەبوونی گشتی لە وەرزی یاسادانانی یەکەم لە ساڵی یاسادانانی دووهەم (٢٠٣) پەرلـەمانتار بـوو، واتە ڕێژەی نەهاتن (١٢٦) پەرلەمانتار بوو لەهەموو دانیشتنەکانی ئەو وەرزە.

٣- لە دانیشتنی ژمارە بیست و هەشت کـە لـە ڕێککـەوتی ٢٠٢٣/٦/٨ سـازکراوە بـەرزترین ڕێـژەی ئامـادەبوونی تیایدا تۆمار کراوە کە (٢٥٨) پەرلەمانتار، واتە کە لە باشترین حاڵەتدا (٧١) پەرلەمانتار ئامادە نەبوون.

٤- لە دانیشتنی حەڤدەهەم لە ڕێککـەوتی ٢٠٢٣/٤/٢ کـەمترین ڕێـژەی ئامـادەبوونی تیایـدا تۆمـارکراوە و تـەنها (١٧٠) پەرلەمانتار ئامادەبوون و (١٥٩) پەرلەمانتار ئامادە نەبوون.

## سێهەم: دانیشتنەکانی ئەنجومەن

١- ئەنجومەنی نوێنەران (٣١) دانیشتنی ساز کرد لە نێوان ٢٠٢٣/١/١٤ تا ٢٠٢٣/٦/١١ لەماوەی نزیکەی پێنج مانگ لەکاتێدا پێویست بوو لەو ماوەیەدا نزیکەی پەنجا دانیشتن سازبکات.

٢- بۆمان دەردەکەوێت کە ئەنجومەن سەرپێچی لەبەندی (٢٢) برگەی سێهەم لە پەیڕەوی ناوخۆ کرد[٣] کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەشت دانیشتن سازبکات لەماوەی مانگێکدا ولە هیچ مانگیکدا ئەو ژمارەیە لە دانیشتن ساز نەکراوە جگە لە مانگی (شوبات- ئازار) وەکو ئەوی لەم خشتەیە دەردەکەوێت :

| ژ | مانگ | ژمارەی دانیشتنەکان |
|---|---|---|
| ١ | کانونی دووەم - شوبات | ٦ |
| ٢ | شوبات - ئازار | ٨ |
| ٣ | ئازار- نیسان | ٦ |
| ٤ | نیسان - ئایار | ٧ |
| ٥ | حوزیران | ٤ |
| کۆ | | ٣١ |

[٣] سێهەم: ئەنجومەن بەلایەنی کەمەوە مانگانە هەشت دانیشتن ساز دەکات.

## چوارەم: ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردنی ئەنجومەن لە دانیشتنەکان

تیمی ڕوانگە بەوردی چاودێری ماوەی بەڕێوەچوونی هەموو دانیشتنێکی لە دانیشتنەکانی ئەنجومەن و ڕێژەی گشتی ژمارەی کاتژمێرەکانی هەموو مانگەکانی تۆمار کردووە و ڕێژەی گشتی لە وەرزی یاسادانانی یەکەم (٣٠:٥٨) کاتژمێر بوو بۆ (١٧) دانیشتن بەهۆی بڵاوەکردنەوەی پرۆتۆکۆلی دانیشتنەکانی دیکە و ژمارەی ماوەی دانیشتنەکانی جیاواز بوو، لەم خشتەیدا دەردەکەوێت:

| ژ | مانگ | کۆی ماوەی دانیشتنەکان |
|---|---|---|
| ١ | کانونی دووەم – شوبات | ٦:٣٤ |
| ٢ | شوبات – ئازار | ١٣:٠٥ |
| ٣ | ئازار– نیسان | ١١:١٩ |
| | کۆ | ٣٠:٥٨ |

## پێنجەم: بەرنامەی کارەکانی ئەنجومەن


١- دواکەوتنی سازکردنی دانیشتنی ژمارە پانزە کە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/٣/٢٠ سازکرا بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر کە درێژترین ماوەی دواکەوتن بوو، بەپێ بەرنامەی کاری دانیشتنەکەی دەبوایە کاتژمێر یانزە ئەنجام بدرایە بەڵام کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ سازکرا.

٢- دانیشتنی ژمارە دە کە لەڕێککەوتی ٢٠٢٣/٣/٤ سازکرا بڕیار وابوو کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ سازبکریت، بەڵام کاتژمێر (٤،٥١) پاشنیوەڕۆ سازکرا، بەمەش ئەم دانیشتنە بەیەکێك پابەندترین دانیشتن دادەنرێت لە ڕووی نزیکی وادەی سازکردنی لەگەڵ وادەی دیاریکراودا وتەنها نزیکەی یەك کاتژمێر دواکەوتووە.

٣- دانیشتنی ژمارەی سی ویەك بێ بەرنامەی کار بووە، سەرەڕای ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران دەنگدان تیایدا ئەنجامدرا لەسەر زیادکردنی بڕگەی خوێندنەوەی دووهەم بۆ یاسای جێگرەوەی پەرلەمانتاران ژمارە (٦) لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ بەرنامەی کارەکەی.

٤- ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنی ژمارە بیست و هەشتی سازکرد کە تایبەت بوو بە یاسای بوودجەی فیدراڵی بەپێی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە و لە دانیشتنەکانی ژمارە (٢٩-٣٠-٣١)تەواوی کرد بێ ئاماژەکردن بە بەرنامەی کارەکانیان.

٥- ژمارەی برگەی جێبەجێ کراو و بەرگەی جێبەجێ نەکراوە. بەپێ ئەوەی لە بەرنامەی کارەکانی دانیشتنەکان و کۆی برگەکان کە ڕاگەیەندرابوو (١٣٣) برگە بوون و (٩٥) برگەی تاوتوێ کران، (٣٨) برگەی دواخرا بۆ دانیشتنەکانی دیکە و نەمانتوانی بزانین لە دانیشتنەکانی دیکە ئەنجامدران یان نا بەهۆی ئەوەی بەپێی ڕێزبەندی ئەنجام نادرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەنجومەن بەرنامەی کارێك دادەنێت کە ناتوانێت لە یەك دانیشتن ئەنجامیبدات و دانیشتنەکە ناتوانێت ئەو ژمارەیە لە برگەی جێبەجێ بکات.




**شێوەی (١)**

## شەشەم: قسەکردن و خاڵی پەیڕەویی

١- تیمی ڕوانگەی پەرلەمانی عێراق چاودێری قسەکردنی پەرلەمانتاران سەبارەت بە تاوتووێ کردنی پرۆژەکان یان پێشنیارە یاساکان وگفتوگۆ گشتیەکانی ئەندامانی پەرلەمانی کردووە جگە لە خاڵە پەیڕەوییەکان لەکاتی سازکردنی دانیشتنە گشتیەکانی ئەنجومەن لە وەرزی یاسادانانی یەکەم لە ساڵی یاسادانانی دووەم.

٢- تەنها گفتوگۆ وقسەکردن لە (١٨) دانیشتن تۆمارکراوە بەهۆی بڵاونەکردنەوی دانیشتنەکانی دیکە تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە وئەنجامەکانی بەم شێوەیە بوون:

أ-پەرلەمانتار (عادل حاشوش عادل) زۆرترین بەشداری کردووە کە (١٤) بەشداری بووە، دواتر (حەسەن وریوش مەحەمەد جوێسم ئەسەدی) کە (١٠) بەشداری هەبووە وپاشان پەرلەمانتار (فالح حەسەن جاسم موتلگ حرێشاوی) کە (٨) بەشداری هەبووە.

ب-ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانەی هیچ بەشداریەکیان نەبووە لە ڕووی قسەکردن و خاڵی پەیڕەوی لە دانیشتنە گشتیەکانی ئەنجومەن ژمارەیان (٢٦١) پەرلەمانتار بووە.

| ژمارەی پەرلەمانتار | ژمارەی بەشداری |
|---|---|
| ١ | ١٤ |
| ١ | ١٠ |
| ١ | ٨ |
| ١ | ٧ |
| ٢ | ٦ |
| ١ | ٥ |
| ١ | ٤ |
| ٤ | ٣ |
| ١٢ | ٢ |
| ٤٤ | ١ |
| ٢٦١ | ٠ |


### تێبینی

١- تیمی ڕوانگە خوێندنەوەی پرۆژە یاساکان لەکاتی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بە چالاکی پەرلەمانتار هەژمار ناکات، چونکە بەشێکە لە ئەرکی پەرلەمانی کە پێی دەسپێردرێت لە لایەن لیژنەکانی ئەنجومەنەوە بەپێ پەیڕەوی ناوخۆ.

٢- تیمی ڕوانگە نەیتوانیوە زانیاری دەستبکەوێت سەبارەت بە گفتوگۆکانی ناو کۆبونەوەی لیژنەکان بەهۆی داخراوی کۆبونەوەکان و بڵاونەکردنەوەی پرۆتۆکۆلەکان.

## كاری یاسادانان

ئەم بەشە تایبەتە بە هەنگاوەكانی یاسادانان كە پێكدێت لـە خوێندنـەوەی یەكـەم و دووهـەم و دەنگدان لەسـەر یاساكان كە ئەنجومەن ئەنجامیداوە لە ماوەی وەرزی یەكەم لە ساڵی یاسادانانی دووهەم.




**شێوەی (٢)**

١– یاسا پەسەندكراوەكان سەرجەمیان پرۆژە یاسا بوون تەنها یەكێكیان پێشنیار بوون.

٢– تیمی ڕوانگەی پەرلەمانی عێراق لەسەرەتای دەستپێكردنی كارەكانی یاسا پەسەندكراوەكانی پـۆلین كـردووە بەم شێوەیە:

| ژ | پۆلینی یاساكان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | یاسای ریكخستن | 3 |
| ٢ | هەمواری یاساكان | 5 |
| ٣ | پەیماننامە وڕێكەوتننامە | 5 |
| ٤ | هەڵوەشاندنەوەی بڕیار | 0 |

## لیژنەکانی ئە نجومەن

### یەکەم: دەنگدان لەسەر لیژنەکان

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی دووهەمی لە ساڵی یاسادانانی دووهەم لە وەرزی یاسادانانی یەکەم لە ڕێککەوتی (٢٠٢٣/٢/١٨) دەنگیدا لەسەر پێکهێنانی لیژنەکان و دابەشکردنی ئەندامانی ئەنجومەن بەسەر لیژنەکان، بەڵام پرۆسەی گواستنەوەی پەرلەمانتاران لە نێوان لیژنەکان بەردەوامە.

### دووبارەبوونەوەی ئەندامانی لیژنە

تیمی ڕوانگەی پەرلەمانی عێراق تێبینی ئەوەی کردووە کە ناوی پەرلەمانتارەکان دووبارە بوونەتەوە لە چەندین لیژنە کە ژمارەیان (٢٤) پەرلەمانتارە، سەرەڕای ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران تەنها لیژنەکانی (ژنان و خێزان و منداڵان، ئەوقاف و هۆزەکان ، شەهیدان و قوربانیان و زیندانی سیاسی) بەدەر کردووە کە ئەندامەکانیان دەتوانن ئەندام بن لە لیژنەی دیکەش بەپێی مادە (٧٢) هەمووارکراو لە پەیڕەوی ناوخۆیی کە لە دانیشتنی نائاسایی لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٣ پەسەندکراوە.

### سەرۆکایەتی ئە نجومەنی لیژنەکان

بەندی (٧٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران ئاماژەی بۆ ئەوە کرد (لەماوەی دە ڕۆژدا پاش پێکهێنانی سەرۆکی و جێگری سەرۆك و جێگری دووهەم هەڵدەبژێردرێن بەزۆرینەی دەنگی ڕەهای کۆی ئەندامانی لیژنە، تیمی ڕوانگەی پەرلەمانی تێبینی ئەوەی کردووە ژمارەیەك لیژنە بێ سەرۆك و بێ جێگری یەکەم و دووهەمن تا ڕۆژی (٢٠٢٣/٤/١٨).


| لیژنەی تەواو نەبووەکان | ژمارەی پەرلەمانتارەکان | کەموکورتی |
|---|---|---|
| ڕۆشنبیری و گەشتیاری وئاسەوار | ٩ | بێ سەرۆك وبێ جێگری یەکەم وبێ جێگری دووهەم |
| لاوان و وەرزش | ١١ | بێ سەرۆك وبێ جێگری یەکەم وبێ جێگری دووهەم |
| کۆچ وکۆچبەران و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی | ١٠ | بێ سەرۆك وبێ جێگری یەکەم وبێ جێگری دووهەم |
| ئەوقاف وهۆزەکان | ٢٥ | بێ سەرۆك و بێ جێگری یەکەم وبێ جێگری دووهەم |
| شەهیدان و قوربانیان و زیندانی سیاسی | ١٢ | بێ سەرۆك و بێ جێگری یەکەم و بێ جێگری دووهەم |

## دووهەم : کاری لیژنەکان لە ڕووی کاری یاسادانان

### خوێندنەوەی یەکەم و دووهەم بۆ پرۆژە یاساکان:


ڕاپۆتەکە ئینفۆگرافیکی تیادایە کە ئاماژە بە پرۆژە و پێشنیاری یاساکان دەکات کە خوێندنەوەی یەکەم و دووهەمی بۆ ئەنجامدراوە و پۆلێن کراوە بەپێ لیژنەکان کە ڕەشنووسیان پێشکەش کردووە، بەمەش بۆمان دەرکەوتووە کە لەو ماوەیەدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ (١٥) پرۆژە یاسای ئەنجامدراوە لە لایەن لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە پێشنیار کراوە و (٦) پرۆژە یاسا لەلایەن هەر یەك لە لیژنەی دارایی و یاسایی کراوە، دواتر لیژنەکانی خزمەتگوزاری و ئاوادانکردنەوە و ڕۆشنبیری و گەشتیاری و ئاسەوار و ئاسایش و بەرگری و کۆچ وکۆچبەران و کشتوکاڵ و ئاو و زۆنگاوەکان کە هەریەکێکیان سێ پرۆژەی ئەنجامداوە.

لەوماوەیەدا خوێندنەوەی دووهەم بۆ (١٧) پرۆژە یاسا ئەنجامدراوە کە لەلایەن لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە پێشکەشکراوە.



## پەسەندکردنی یاساکان

لە ڕووی پەسەندکردنی یاساکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:




## سێهەم: کۆبونەوەی لیژنەکان

تیمی ڕوانگە چاودێری کۆبونەوەکانی هەموو لیژنەکانی کرد وبەم شێوەیە بوو:

- لیژنەی دارایی زۆرترین کۆبونەوەی ئەنجامداوە کە (٤٠) کۆبونەوەیە، دواتر لیژنەی یاسایی (٢٠) کۆبونەوەی ئەنجامداوە، دواتر لیژنەی هەرێمەکان و پارێزگاکان (١٣) کۆبونەوەی ئەنجامداوە و هەریەك لە لیژنەکانی (دەستپاکی، کارەبا، وزە و پەروەردە) شەش کۆبونەوەیان ئەنجامداوە.

- سەبارەت بە لیژنەکانی دیکە ژمارەی کۆبونەوەکانیان جیاواز بوو، وەکو ئەوەی لەم ئینفۆگرافیکەدا دەردەکەوێت:



## کاری چاودێری

ئەنجومەنی نوێنەران لەو ماوەیەدا کە ڕاپۆرتەکە ڕۆماڵی کردووە کاری چاودێری تیایدا چالاك کردۆتەوە لە ڕێگای لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنی تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراق و تا ئێستا ئەنجومەن بڕیاری نەداوە کە باوەڕی هەیە یان نییە بە وەڵامەکانی ئەنجومەنی ئەمینداران، سەرەڕای ئەوەی خراوەتە بەرنامەی کاری دانیشتنی ڕۆژی (١٥) کە لەڕێککەوتی ٢٠٢٣/٣/٢٠ سازکراوە و دانیشتنی ژمارە (١٦) کە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/٣/٢٧ سازکراوە و میوانداریێتی سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت لەسەر داوای هەردوو لیژنەی یاسایی و دەستپاکی لە ئەنجومەنی نوێنەران بەمەبەستی ڕوونکردنەوە سەبارەت بە بەندی (٧٨) لە پەیڕەوی ناوخۆیی ئەنجومەنی نوێنەران.

### داواکاری لێپرسینەوە

| ژمارەی دانیشتن | ڕێککەوت | داوکاری لیپرسینەوە | ئامادەبوو | وردەکاری |
|---|---|---|---|---|
| (١٣) | (٢٠٢٣/٣/٩) | زوحا قەسیر | جەعفەر وەنان سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمیندارانی تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراقی | بۆتە هۆی بەهەدەردانی پارەی گشتی بەهۆی زیادبوونی بودجەی تۆڕەکە و زیادبوونی بڕی خەرجیەکان و سەرپێچیکردنی یاسای تۆڕی ڕاگەیاندن و دەرکردنی فەرمان لە دەرەوەی ئەرك چاودێریەکانی بەپێ بەندی ١٠ لەیاسا و دەستێوەردان لە کاروباری سەرۆکی تۆڕەکە بەتایبەت لە گۆڕینی پەیکەری کارگێڕی تۆڕەکە و دەرکردنی فەرمان بەپێکهێنانی لیژنەیەك کە ئەرکی جێبەجێ کردنی هەیە لە دەرەوەی دەسەڵاتەکانی خۆی. |

### میوانداری

| ژمارەی دانیشتن | ڕێککەوت | داوکاری میوانداریێتی | ئامادەبوو | وردەکاری |
|---|---|---|---|---|
| (٢٣) | (٢٠٢٣/٥/٤) | هەردوو لیژنەی یاسایی و دەستپاکی | سەرۆکی ئەنجومەنی دەولەت | بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی بەندی (٧٨) لە پەیڕەوی ناوخۆیی ئەنجومەنی نوێنەران |